وەزیری تەندروستی: تووشبوون بە شڕپەنجە لە هەرەمی کوردستان لە کەمبوونەوەیە



سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرەمی کوردستان رایگەیاند، ڕێژەی تووشبوون بە شڕپەنجە لە هەرەمی کوردستان بەراورد بە عێراق و وڵاتانی دیکە کەمترە و ساڵانە ڕوو لە دابەزینە. ئاماژەی بەوەش کرد، لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 10 هەزار حاڵەتی نوێ تۆمارکراون کە نزیکەی 40%یان دانیشتووی ناوچەکانی دیکەی عێراق بوون.

لە میانی بەڵێنوچوونی ئیڤنتی ڕێژی جیهانیی شڕپەنجە لە زانکۆی سەلاحەددین، سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی ڕایگەیاند، لە سێ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی ورد و ئەلیکترۆنی ئامارەکانی تووشبوون و گیانلەدەستدان بە شڕپەنجە تۆمارکراون. گوتیشی "ئێم سیستەمێ کە لەلایەن ڕەکخراوی تەندروستی جیهانییەوە ئاماژەی پێکراوە، یارمەتی داوین ڕاپۆرتی وردمان هەبێت و هەموو تووشبووان خاوەنی فایل و ناونیشانی تایبەت بە خۆیانن."

ئامارە نوێیەکان و خزمەتگوزارییەکان

وەزیری تەندروستی ئاشکرای کرد، سالی رابردوو 10481 حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکراون، کە 35% تا 40%یان خاڵەکی پارێزگاکانی دیکەی عێراقن و بە وەرگرتنی چارەسەر رووبان لە هەرێمی کوردستان کردووە. جەختیشی کردەوە کە پشکنینی (scan PET) بە یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان بەبڕانبەر بە نرخێشان ئەنجام دراوە و تەنیا پارسان 3300 پشکنینی لەو جۆرە کراوە، هەروەها 596 حاڵەتی دیکە کە لە کۆرتی گشتیدا دەرفەت نەبووە، لەسەر نەفەقەی سندوقی کەمەک لە کۆرتی تایبەت بڕیان ئەنجامدراوە.

پاڵپشتیی حکوومەت و سندوقی کەمەک

سامان بەرزنجی ئاماژەی بەوە کرد، تەنیا هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسای سندوقی کەمەکە بە تووشبووانی شێرپەنجە. گوتیشی: "لە کابینەی نێیمدا بە پاڵپشتی بەردەوامی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم سندوقە لە خراپترین دۆخی ئابووریشدا دەستکراوە بووە بە هاوکاریی تووشبووان."

کەمبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون

وەزیری تەندروستی جەختی کردەوە کە ڕێژەی تووشبوون ساڵ دوای ساڵ کەم دەبێتەوە. بەگوێرەی ئامارە جیهانییەکان بە هەر 100 هەزار کەس 190 تووشبوو هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سالی پێشتر 151 حاڵەت هەبووە و پارسان ئەو ژمارەیە بە 141 حاڵەت دابەزیوە.

لە کۆتایدا وەزیری تەندروستی هەکاری ئەم کەمبوونەوەیەی بە ڕەکارکانی حکوومەت، هەشیاریی هاووڵاتیان، زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی، پرێژکانی کەمکردنەوەی دەرهاوشتە کیمیاییەکان و پرێژی ڕووناکی گۆڕاندەوە. ئاماژەی بەوەش کرد، ڕێژەی مردن بە شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمترە و ئێستا وەزارەتی تەندروستیی عێراق هەوە دەدات ئەزموونی سندوقی کەمەکی هەرێم لە شارەکانی دیکەی عێراق دووبارە بکاتەوە.